# ڕۆڵ و پێگەی سیاسی و ستراتیژی جەزیرە لە پەیوەندیەکانی نێوان ساسانی و بیزەنتیدا

بهرام عبدالله دلپاك

محسن عزيز احمد

بەشی کۆمەلایەتی- زانکۆی گەرمیان - هەرێمی کوردستان/ عیراق

علی احمد حسن

بەشی مێژووی- زانکۆی گەرمیان - هەرێمی کوردستان/عیراق

**پوختە:**

ناوچەی جەزیرە کە لە باکوری میزۆپۆتامیا هەلکەوتووە بە هۆی ئەو پێگەی جۆگرافیایی و جیۆپۆلۆتیکەوەکە هەی بوو لە سەردەمێکی دێرینەوە لە نێوان دەسەلاتە یەك لە دوای یەکەکانی پێش ئیسلام دەسا و دەس کراوە.لە ناوەراستەکانی سەردەمی ئەشکانیواتە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی پێش زایین تا وەکو کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی(٦٥١ز) ئەم ناوچە سنوریە وەکو هاوکیشەیە ك لە نێوان ئیمپراتۆری رۆما و ئێرانی ساسانی هەژمار دەکرا بە چەشنێك کە هەر یەك لەم دوو دەسەلاتە بۆ داگیر کردنی ئەم ناوچە گرنگ و ستراتیژیە بەردەوام لە شەر و ململانێدا بوون. ئەم تویژینەوە بە رێبازێکی وەسفی- شیکاری رۆل و پێگەی سیاسی، بازرگانی و ئایینی ئەم ناوچەیە لە پەیوەندیەکانی نێوان ئێرانی ساسانی و بیزەنتی لێك دەداتەوە و هاوکات دەیە وێت بیسەلمێنێت کە داگیر کردنی ئەم ناوچە سنوریە بۆ هەر دوو دەولەتی بیزەنتی و ساسانی بە واتای کۆنترۆل کردنی میزۆپۆتامیا وەکو پێگەیەکی بەهێز بۆ قەلەمرەوی هەر یەك لەم دوو دەسەلاتە بوو؛ چونکە ئەرمینیا وەکو خالی سەرەکی جادەی ئاوریشم لە باکوری میزۆپۆتامیا هەلکەوتبوو و ئەگەر هەر یەك لەم دوو دەسەلاتە لە داگیر کردنی ئەرمینیا سەرکەوتوو بوونایە دەیانتوانی بە ئاسانی جەزیرەش بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە کە ئەمەش هەم لە رووی بازرگانی و هەم لە رووی ئایینیەوە لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەسەلاتە زۆر گرنگ و کاریگەربوو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *جەزیرە، ساسانی، میزۆپۆتامیا، ئامەد، نەسیبین*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پێشەکی:

پاش نەمانی ئەسکەندەری مەکدونی (٣٢٣پ.ز) و پاش ماوەی دەسەلاتەکەی واتە زنجیرەی سلوکی (٣١١-١٦١پ.ز) قەلەمرەوەکەی نێوان دوو دەسەلاتی ئەشکانی لە خۆرهەلات و رۆما لە خۆرئاوا دابەش بوو بە چەشنێك کە هاوبەش بوونی سنورەکانی ئەم دوو دەسەلاتە بوو بە هۆی بەدی هێنانی جەنگ و ململانێ نێوانیان. لەم ماوە دا رۆماکان توانیان بە سودوەرگرتن لە کێشە ناوخۆیەکانی ئەشکانی دەستیان بگاتە ناوچە ستراتیژیە کانی میزۆپۆتامیا و ئاسیای بچوك و بۆ پاراستنیان کۆمەلە قەلا و بورجیان بە دی هێنا. پاش رووخانی ئەشکانیەکان، ساسانیەکان جێگای ئەوانیان گرتەوە. ساسانیەکان هەر لە سەرەتاوە خوازیاری کۆنترۆل کردنی سەرزەمینەکانی خۆرهەلاتی فورات و وەدەرنانی رۆماکان لەوێ بوون. بەم پێیە شارە سنوریەکان و کشمەکێشەکانی ئێران و بیزەنت بۆ کۆنترۆل کردنیان بەشێکی زۆر لە پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو دەسەلاتە لە سەردەمی ساسانی پێك دەهێنیت.

خوێندنەوەی پەیوەندیەکانی ساسانی و بیزەنتی بە بێ رەچاو کردنی شارە سنوریەکان کارێکی ئەستەمە. چونکە لە دەست دانی ئەم شارە سنوریانە لە سەردەمی ساسانیەکاندا گۆرانکارێکی ئێجگار گرنگی لە هاوسەنگی هێزی ناوچەکە بەدی دەهێنا. خالی پێکدادانی ئەم دوو دەسەلاتە بەهێزەی پێش ئیسلام زۆرتر ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و سوریە و ئاسیای بچوك بوو. کە هەرکام لەم شار و ناوچانە بە پێی گرنگیە کە هەیان بوو کۆمەلە تایبەتمەندیکیسیاسی، سەربازی و ئایینی تایبەت بە خۆیان بوو و ئەم دوو دەسەلاتەی بۆ داگیر کردنی ئەم ناوچانە دوو ئەوەندە هان دەدا. بانگەشەی خاوەندارێتی بە سەر ناوچەکانی یەکتر و گرنگی ئەم شارە سنوریانە، بوو بە هۆی پێکدادان و داگیر کردن و ئال و گۆر کردنی شارە سنوریەکان لە خۆرئاوای پادشایی ساسانیەکان و خۆرهەلاتی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی.

دەتوانین بلێین باکوری میزۆپۆتامیا لە سەردەمی دەسەلاتی ساسانیەکان لەو ناوچە هەستیار و ستراتیژیانە بوو کە گرنگترین پرسی سیاسەتی دەرەکی ئێرانی ساسانی لەگەل ئیمپراتۆریەتی رۆما و دواجار بیزەنتی بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم ناوچانەی بەدی هێنا بوو. نە تەنها لە سەردەمی ساسانیەکان بەلکۆ سەردەمی پێش ساسانیەکان واتە ئەشکانیەکانیش ململانێ بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم ناوچانە بە بۆنەی هاوکێشەی سنوریەوە لەگەل رۆما بەردوام بووە بە چەشنێك کە هاوسەنگی هێز لە رۆژهەلاتی نزیکی ئەو سەردەمە لە لایەن ئەم دوو لایەنەوە جێ بە جێ دەکرا. لێرەدا ئەو شار و ناوچانە کە ساسانیەکان و ئیمپراتۆری رۆما زۆرتر لە سەری دەجەنگان بریتی بوون لە هاترا(الحضر)، نەسیبین، شەنگار و ئامەد بۆیە توێژەر زۆرتر تیشك دەخاتە سەر ئەم ناوچانە کە بەشێکی گرنگ بوون لە جەزیرە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## یەکەم: جۆگرافیای مێژوویی جەزیرە

ولاتی ئێستای عێراق ولاتێکی نۆێیە کە مێژووی پێکهاتنی دەگەرێتەوە بۆ پاش جەنگی جیهانی یەکەم بەواتایێکی دیکە مێژووی دامەزراندنی یەك سەدە زیاتر تێناپەرێت. بەلام ناوی عێراق بۆ ئەم سەرزەمینە ناوێکی کۆنە بەم جیاوازیە کە لە کۆنەوە ئەم ناوە بە سەرزەمینێك وتراوە کە بریتی بووە لە بەشی باشوری عێراقی ئێستا و سنور یا خالی جیاکەرەوەی لەگەل بەشی باکوری کە بە جەزیرە ناو دەبرێت هێلێك دەزانن کە دوو روباری دیجلە و فورات لەو شوێنە دا زۆر لە یەك نزیك دەبنەوەواتە هێلێکی راست کە شاری ئەنبار لە لێواری خۆرئاوای فورات بە شاری تکریت لە لێواری خۆرهەلاتی دیجلە دەلکێنێت. (ملایری، ١٣٧٩: ٧/٢) لە سەردەمی ساسانیەکان باکوری میزۆپۆتامیا نێوان چەندین هۆزی عەرەبی وەکو ربیعە، مضر و بەکر دابەش بوو ربیعە شاری موسل، مضر شاری رەقە و دیاربەکر شاری ئامەددیان وەکو ناوەندی دەسەلاتی خۆیان هەلبژارد. (لسترنج، ١٣٧٧: ٩٣) ئەگەری زۆرە کە ناولێنانی میزۆپۆتامیای باکوور لە ژێر ناوی جەزیرە و هەروەها میزۆپۆتامیای باشوور بە عێراق بۆ سەردەمی پێش ئیسلام بگەرێتەوە، چونکە عەرەبەکان لە رابردوێکی دوورەوە لە دەوروبەری فۆراتدا بوونیان بووە و بۆ ئەو سەرزەمینانە ناوێکی عەرەبیان هەلبژاردوە و پاشاکانی ساسانیش بە پەیرەوی کردن لەوان ئەم سەرزەمینەیان بە دلی عێراق ناوزەد کردوە.مێژوو نوسەکان و جۆگرافی زانانی ئیسلامی جەزیرە لە هەرێمی چوارەم دەزانن.(مسعودی، ١٣٦٥: ٣٢) اصطخری جەزیرە لە نێوان دیجل و فوراتهەلکەوتوە ودیاری رەبیعە و مضر لەوێیە و باشترین شارلە دیاری جەزیرە نەسیبینە. ( اصطخری، ١٣٤٠: ٧٥-٧٦) نووسەری احسن التقاسیم دەلێت: جەزیرە لە هەرێمی چوارەمە و شارە گرنگەکانیشی بریتین لە نەسیبین، رەقە، حەران، دارا، موسل، شارەزور، حۆلوان[١] و دینەوەر و ...( مقدسی، ١٣٦٩: ١/ ٨٨)مقدسی لە کتێبی افرینش و تاریخ دەلێت کە جەزیرە نێوان دیجلە و فۆرات هەلکەوتوە و لە هەرێمی چوارەمە و موسل و ئامەد و نەسیبینیش لەم هەرێمەدان.( مقدسی، ١٣٧٤: ٥٩/٢)

## جەنگی ئەردەشێر و رۆما لە سەر شارەکانی جەزیرە

پاش ئەوەی کە ئەردەشێری بابەکان (٢٢٤-٢٤٢ز) توانی بە سەر ئەردەوانی پێنجەم دوا پاشای ئەشکانی[٢] سەربکەوێت و دەسەلاتی ساسانیەکان دامەزرێنێت.( زرین کوب، ١٣٧٧: ٤١٧)ئەم دەسەلاتەش هەر وەکو ئەشکانیەکانرووبەرووی رۆما و دواجار ئیمپراتۆری بیزەنتی بوونەوە. بەلام بە پێچەوانەی ئەشکانیەکان کە هەلوێستی بەرگرانەیان بوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ساسانیەکان هەلوێستی هێرش بەرانەیان پەیرەو دەکرد. بە پێی سەرچاوەکان پاشاکانی سەرەتای دەولەتی ساسانی و خودی ئەردەشێر بنەمای سیاسەتی دەرەکی خۆیان لە سەر سنورەکانی خۆرئاوا واتە باکوری میزۆپۆتامیا و فراوانخوازی سەرزەمینی دانابوو. پێویست بە ئاماژەیە بە دامەزراندنی دەولەتی ساسانیپاشاکانی ئەم حکومەتە ئەندێشەی بووژانەوەی ئیمپراتۆری هەخامنشیان وەکو کەرەستەیەك بۆ بە دەست هێنانی رەوایی بوونی دەسەلات و چەسپاندنی دەسەلاتی سیاسی خۆیان گلالە کرد. بە پێی ئەم بیرۆکەیە پاشاکانی ساسانی بە ناساندنی خۆیان وەکومیراتگر و جێنشینانی یاسایی و رەوایی هەخامنشیەکان(٣) بانگەشەی خاوەندارێتی بە سەر سنورەکانی باو باپیرانی خۆیانیان دەکرد کە ئەمەش راستەوخۆ بەشێکی زۆری لە نیوەی خۆرهەلاتی ئیمپراتۆری رۆمای لە مەترسیەوە دەخست. (Herodian,1970:5-6; Dio Cassius, 1927:71-78)ئەردەشێر پاش ئەوەی کە کێشە ناوخۆیەکانی چارە سەر کرد بۆ گەراندنەوەی ئەو سەرزەمینانە هەروەها دابین کردنی هێمنی و ئاسودەیی تەیسەفون لە ناوچەکانی باکوری میزۆپۆتامیا و ناوچەکانی باکوری روباری دیجلە کۆمەلە جەنگێکی کرد و توانی موسل و قەلاکانی دەوروبەری داگیر بکات بەلام نەیتوانی شاری هەترا(الحضر) کە لە باشوری خۆرئاوای موسل هەلکەوتبوو داگیر بکات. و لەم جەنگە دا هێزی سەربازی زۆری لە دەست دا.(زرین کوب، ١٣٩٤: ١٨ ؛ Dignas& Winter,2007: 154)

هۆکاری سەرەکی بۆ کۆنترۆل کردنی ئەم ناوچانە لە لایەن دوو دەولەتی ساسانی و بیزەنتیەوە کە بەشێکی هەرە گرنگی جەزیرەی پێك دەهێنا رەهەندێکی ئابووری و سیاسی بوو.لەم کاتەدا بازرگانی نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوا لە رێگەی جادەی ئاوریشمەوە پەرەی سەندبوو. ئەم رێگا دوور و درێژە کە دوو ولاتی چین و رۆمای پێکەوە گرێ دەدا ئێران و سەرزەمینەکانی دەوروبەری رۆلی سەرەکیان لە کرین و فرۆشتنی ئاوریشم و کالا جۆراوجۆرەکانی دیکە بوو . لەم بەینە دا ئەو رێگانە کە لە باکوری میزۆپۆتامیا و باشوری ئەرمینیا تێدەپەری لە روی بازرگانیەوە گرنگیەکی تایبەتی بوو. بەم پێیە ئیمپراتۆری رۆما بەردەوام بە دوای داگیر کردن یان چاودێری بە سەر ئەم رێگانە بوو و ئەم بابەتەش بووبووە هۆی پێکدادان و جەنگە درێژخایەنەکانی ئێران و رۆما.( زرین کوب، ١٣٩٤: ١٩؛)سەرباری ئەوەش ستراتیژی بوونی پێگە و هەلکەوتەی ئەرمینیا بوو، ئەرمینیا یەکێك لە گرنگترین ئەیالەتەکانی سنوری نێوان ئێران و رۆما لە هەژمار دەهات. لە سەردەمی ئەشکانیەکان لقێك لە بنەمالەی ئەشکانی لەوێ دەسەلاتیان دەگێرا، پاش نەمانی ئەشکانیەکان ئەرمینیا بوو بە ناوەندی چالاکی دژ بە ساسانیەکان. ساسانیەکان بە پێش گرتنی سیاسەتی ناوەندیگەری بە دوای حکومەتێکی بەهێزەوە بوون و ئەردەشێر کێشەی ئەرمینیای کێشەی ناوخۆیی لە قەلەم دەدا لە لایەکی دیکەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕۆما بە هۆی دووبەرەکی سیاسی و ئابووریەوە کە لەگەڵ ئێران بووی نەیدەویست کە بەرژەوەندیەکانی خۆی لە ئەرمینیا لە دەست بدات.( هەمان سەرچاوە، ٢٠) ڕۆما بە کۆنترۆڵ کردنی ئەرمینیا دەیتوانی هەرکات بیەوێت ئێران لە خۆرئاوا و باکوری خۆرئاوا وە لە مەترسیەوە بخات و بە داگیر کردنی ماد و ڕێگە سەربازیەکانی، ئێران لاواز بکات. ئەرمینیاش بۆ ئێران دوو ئامانجی گرنگی هەبوو؛ یەکەم دەیتوانی هێرش بکاتە سەر ئاسیای بچوك و بگاتە دەریای رەش و سنوری خۆرهەلاتی ئیمپراتۆری ڕۆما لە مەترسیەوە بخات. دووەم؛ شارەکانی نەسیبین،( لە باشوری تورکیائ ئێستا) موسل، ڕۆها(ئەدێسا) و بە گشتی جەزیرە کە لە سەر ڕێگەی جادەی ئاوریشمەوە هەلکەوتبوون کۆنترۆڵ بکات و ئابووری ئەو ناوچانە لە ژێر کۆنترۆلی خۆی دابنێت و بەم جۆرە بە ئاواتەکانی خۆیان کە هەمان گەیشتن بە سنوورەکانی هەخامەنشیەکان بوو بگەن.( لوکونین، ١٣٥٠، ٦٢-٦٣)

ئەردەشێر کە بەرگری و جەنگی ئەرمینیا و هەترا( الحضر) ی لە بەرامبەر خۆی سەرچاوگرتوو لە هاندانەکانی ڕۆما دەزانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕۆما نە تەنها هێرشی کردە سەر سوریا بەلکو قەلای نەسیبینیشی لە(٢٣٠ز) گەمارۆ دا. ئیمپراتۆری ڕۆما ئەلکساندر سێوێروس( ٢٢٢-٢٣٥ز) هەولی دا لە ڕێگەی نامە وە هەرەشە لە پاشای ساسانی بکات و ئەو لە هێرش بۆ سنوری ڕۆما پەشیمان بکاتەوە. بەلام ئەردەشێر بە ئیمپراتۆر وەلامی دایەوە کە ڕۆما دەبێت سوریە و هەموو سەرزەمینەکانی ئاسیای خۆرئاوا کە تا پێش هاتنی ئەسکەندەری مەکدونی بەشێك لە ئێران بوون رادەستی ساسانیەکان بکات. بەم پێیە لە کۆمەلە جەنگێك کە لە نێوان ئەم دوو لایەنە بەرێوە چوو ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە و هەر دوو لا لە جەنگ کشانەوە و سنورەکای دو دەولەتیش هەر وەك خۆی مایەوە.( دریایی، ١٣٨٧: ١٣-١٤)

ئەردەشێر لە سەردەمی ماکسی مینوس ( ٢٣٥-٢٣٨ز) جارێکی تر هێرشی کردە سەر سنوری دەولەتی ڕۆما . ماکسی مینوس بە بۆنەی کێشە و گرفتی لە خۆرئاوای ئیمپراتۆریەکەی نەیتوانی بەرپەرچی ئەردەشێر بداتەوە وساسانیەکان توانیان نەسیبین و حەران و دورائورپوس( شارێکی کۆنی سوریا لە نزیك روباری فۆرات و لە باکوری تەدمۆر) لە سالی ٢٣٨ز داگیر بکەن. (لوکونین، ١٣٥٠: ٦٣) ئەردەشێری یەکەمی ساسانی لە سالانی کۆتایی دەسەلاتی بە هاوکاری کورەکەی واتە شاپوری یەکەم  شاری هەترە( الحضر)یان داگیر کرد و پاشان ژیانی کۆتایی پێ دێت و شاپور دەسەلات بە دەستەوە دەگرێت.

## دووەم: تایبەتمەندی بازرگانی وسیاسی و ستراتیژی جەزیرە

بازرگانی خۆرهەلات و رۆما لە سەردەمی ئیمپراتۆری ساسانیەکان زۆرتر لە سەردەمی پێش خۆی پەرەی سەند. کالا و شت و مەکەکان لە رێگەی باکوری میزۆپۆتامیا و یا باشوری خۆرئاوای ئەرمینیا بۆ ئێران و ئاسیای ناوەند دەهاتن و لەوێوە بەرەو چین و باکوری هێندستان دەچوون. (پیگولوسکایا، ١٣٥٣: ٧٥) لە راستیدا لە ناوەندەکانی ململانێنێوان ساسانیەکان و ئیمپراتۆریرۆما شارەکانیجەزیرەبوو.شارەکانی جەزیرە لە روی جیوپۆلیتیکەوە هێلی پەیوەندی نێوان ئێران و دەریای ناوەراست و ئانادۆل و لە لایەکی دیکەوە عێراق و کەنداوی فارس بوو لە سەردەمانی کۆنەوە وەکو ناوەندی گواستنەوەی کالا و شت و مەکەکان لە رێگای وشکانی و هەروەها بازرگانی دەریاییەوە رۆلێکی گرنگی بوو.( Stanley, 2007: 127-132) لە راستیدا بۆمان روون نیە کە یەکەم دانیشتوانی ئەم دەڤەرە کێ بوون و چۆن هاتوون بەلام بەپێی داتاکان و نووسینە مێژوویەکان وادیارە کە جەزیرە سەرەتا ناوەندی دەسەلاتیهوریەکان(٤) و حیسیەکان(٥) بووە و دواتر لە سەردەمی ئاشوریەکاندا بەشێك لە ناوچەی ژێر کۆنترۆلیان بووە.(Ibid, 127-128) ئەو رێگانە کە لە باکوری میزۆپۆتامیا و ئەرمینیا بەرەو باکوردرێژەی هەبوو گرنگی بازرگانی بوو. ئیمپراتۆری رۆما هەولی دەدا ئەم رێگانە کۆنترۆل بکات و خۆی لە باجی گومرك و زیاد بوونی نرخی کالاکان رزگار بکات و بەرە بەرە سنورەکانی خۆی بەرەو خۆرهەلات نزیك بکاتەوە و ساسانیەکان لە ژێر فشار دابنن.( پیگولوسکایا، ١٣٥٣: ٧٥)هەروەها کە پێشتر ئاماژەماندا لە سەرەتای بە دەسەلات گەیشتنی ساسانیەکان شارەکانی جەزیرە زۆرتر لە ژێر کۆنترۆل و نفوزی ئیمپراتۆری رۆماوە بوو و ئەردەشێر هەولی دا کە ئەم ناوچانە بکاتە مۆلکی ساسانیەکان وەك چۆن لە سەردەمی هەخامنشیەکان بەشێك لە قەلەمرەوی ئێران بوو. لە سەرەتای دەسەلاتی ساسانیەکان واتە سەردەمی ئەردەشێر و شاپوری یەکەم لە سالانی ٢٣٩ و ٢٤٠زساسانیەکان توانیان هەندێ لەو شارو ناوچانە وەکو شەنگال، نەسیبین و الحضر بهێننە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە. (فرای،١٣٨٦: ٤٧١) لەم جەنگانە دا شاپور(٢٤٢-٢٧٢ز) توانی بووی ڤالریان ئیمپراتۆری رۆما شکست بدات و بە دیلی بگرێت کە ئەم بابەتە رق و کینەێکی لای رۆماکانەوە دروست کردبوو و بە دوای دەرفەتێکەوە دەگەران کە تۆلەی خۆیان لە ساسانیەکان بکەنەوە و دووبارە ئەو ناوچە ستراتیژیانە کە لە دەستیان چوو بوو بگەرێننەوە بۆ ئیمپراتۆری خۆیان. لە سەردەمی بەهرامی دووەم(٢٧٦-٢٩٣ز) بە هۆی کێشەکانی ناوخۆیی وەکو شۆرشی براکەی بە ناو هۆرمۆز لە ئەیالەتی سیستان، بە رۆما و شەخسی ئیمپراتۆر واتە مارکوس ئورلیوس کاروس(٢٨٢-٢٨٣ز) دەرفەتی دا تا هێرش بکاتە سەر ساسانیەکان و پایتەختەکەیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تەیسەفون داگیر بکات.و ئەمە تەنها جارێك بوو کە رۆما توانی پایتەختی ساسانیەکان داگیر بکەن و تا رادەیە قەرەبوی شکستی ڤالریان لە شاپوری یەکەم بکەنەوە. (بروسیوس، ١٣٨٨: ١٩٥؛)لام پاش ماوەیەك بە شێوازی نادیار کاروس دەمرێت. هەندێ لە مێژوونوسەکان بە بروان کە مردنی کاروس بە هۆی بروسکەی هەورە گرمەوە بووەمردنی کاروس دەبێتە هۆی ئەوە کە جەنگ رابگیرێت و جێنشینەکەی واتە دە قلیانوس(٢٨٤-٣٠٥ز) لەگەل بە هرامی دووەم پەیمانی ئاشتی واژۆ بکات کە بەو پێیە سنورەکانی دوو ولاتی دیاری دەکرد. (دریایی، ١٣٨٧: ٢٩؛) بە پێی ئەم رێکەوتنە کە لە سالی ٢٨٣ز ئەنجام درا ئەرمینیای خۆرئاوا کە لە سەردەمی شاپوری یەکەم لە سالی ٢٥٢ز لە ژێرنفوزی ئێران بوو و هەروەها شارەکانی باکوری میزۆپۆتامیالە سالی ٢٨٨ز لە لەیەن رۆماوە داگیر کرا. (رجبی، ١٣٨٧: ١٢٦؛ فرای، ١٣٨٣: ٢٢٩؛ شیپمان، ١٣٨٤: ٣١) و تیرداد ناوێك لە لایەن دەقلییانوسەوە بۆ حکومەتی ئەرمینیای خۆرئاوا دەستنیشان کرا و دەسەلاتی نەرسە مامی بەهرامی دووەم و پاشای ئایەندەی ساسانیەکان بە ئەرمینیای خۆرهەلات کە گەورەتر لە ئەرمینیای خۆرئاوا بوو سنوردار کرا.

پاش ئەوەی کە نەرسی(٢٩٣-٣٠٢ز)لە سالی ٢٩٣ز بە سەر بە هرامی سێیەم کوری بە هرامی دووەم کە چوار مانگ زیاتر لە بە دەسەلات گەیشتنی تێ پەر نەبوو بووسەرکەوت ( ثعالبی، ١٣٦٨: ٣٢٤؛ نولدکە، ١٣٧٨: ٤٣٨) جەنگ نێوان دوو دەولەت دەستی پێ کردەوە. نەرسە بە دوای ئەوەوە بوو کە ئەو ئەیالەت و ناوچانە کە بەهرامی دووەم لە دەستی دابوون دووبارە بیانگەرێنێتەوە بۆ بازنەی قەلەمرەوی ساسانیەکان بۆیە هێرشی کردە سەر ئەرمینیا و حاکمی ئەو ئەیالەتە واتە تیرداد کە لە لایەن دەقلیانوسەوە و لە سەردەمی بە هرامی دووەم دانرابوو بەرەو رۆما هەلهات، دە قلیانوس کە لەم ماوەدا سەرقالی جەنگ لە مێسر و ئەفریقیا بوو زاواکەی خۆی بە ناو گالریوسی بۆ جەنگی نەرسە نارد. ( Rawlinson, 1876: 120-121) لە سالی ٢٩٧ز نێوان نەرسە و گالینیکوس جەنگ رویدا و رۆماکان شکستیان هێنا.( زرین کوب، ١٣٨٦: ٤٤٦-٤٤٧) پاش ئەم شکستە ئیمپراتۆری رۆما جەنگێکی دیکەی بۆ تۆلە کردنەوە لە ساسانیەکان بە رێخست. کە لەم جەنگەدا نەرسە زامار بوو و ساسانیەکان شکستیان هێنا. سەرباری ئەوەش خانەوادەکەی نەرسە لەم نەرسەی ناچار کردتا لەگەل رۆما وت و وێژی ئاشتی واژۆ بکات. ( دریایی، ١٣٨٧: ٣٠؛ Dignas;Winter, 2007:84-85)ئەم دانوستانە کە لە شاری نەسیبین ئەنجام درا بە رێکەوتننامەی نەسیبین لە سالی ٢٩٨ز کۆتایی پێهات؛مەسعودی پێمان دەلێت کە شاری نەسیبین لە دیاری رەبیعە بوو( مسعودی،١٣٧٤: ٢٨٣) و یەکێك لە شارەکانی باکوری میزۆپۆتامیا و ناوەندی سەرەکی پێکدادانەکانی ئیمپراتۆریەکانی ساسانی و رۆما بوو. نەسیبین خالی سەرەکی بازرگانی نێوان سوریە، ئەرمینیا و سەرزەمینەکانی میزۆپۆتامیا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بوو. ( Lieu,2006: ) نەرسە ناچار بوو ئەو هەل و مەرجە کە دەقلیانوس پێشنیاری کردبوو قەبوول بکات. بە پێی ئەم پەیمان نامە پێنج سەرزەمین لە خۆرئاوای روباری دیجلە لە ژێر کۆنترۆلی رۆما دەرهات و شاری نەسیبین کە ئەو دەم لە ژێر دەسەلاتی رۆما بوو وەکو تەنها شاری رێگە پێدراو بۆ بازرگانی هەردولایەن بە فەرمی ناسرا. ( AmmianusMarcellinus, 1935:XXV/ 7-9; Dodgeon and Lieu, 2005: 116-117؛ گرانتوسکی، ١٣٨٥: ١٦٦؛ شیپمان، ١٣٨٤: ٣٣)

دیاری کردنی شاری نەسیبین وەکو تەنها شوێنی بازرگانی نێوان دوو ولات بۆ رۆما زۆر گرنگ بوو. ئەم شارە کە لە باکوری میزۆپۆتامیا هەلکەوتبوو شوێنێکی ستراتیژی بوو چونکە لە لایکەوە هەموو رێگا بازرگانیەکان بەم شارە دەبەسترانەوە و لەوێوە دەگەشتنە ئاسیای بچوك و دەریای ناوەراست و لە لایەکی دیکەوە رۆماکان بە داگیر کردنی ئەم شارە بە ئاسانی دەیان توانی دەستیان بگاتە ناوچەکانی قەوقاز و لەوێوە سەرزەمینەکانی خۆرئاوای ئێران بەر ئامانجی هێرشەکانی خۆیان بەن.نەرسە پاش شکست ئەم برگە کە نەسیبین تەنها شاری پەیوەندی نێوان دوو دەولەت بێت رەت کردەوە (کریستنسن، ١٣٦٨: ١٨٩) چونکە سودی بازرگانی کە لە گومرکی کالاکان بەدی دەهات هی ئەو شارە بوو و ئەم شارەش لە ژێر رکێف و کۆنترۆلی رۆمادا بوو. و هەروەها ئەو هەوال و راپۆرتانە کە لە رێگای بازرگانەکان و دیپلۆماتەکان کۆ دەبوەوە تەنها تایبەت بە خالێکی سنوری بوو نە هەمووی ( Lieu,2006: )

پاش شکستی نەرسی و بەستنی پەیمان نامەی نەسیبین لە سالی ٢٩٨ز کە ناوچەکانی باکوری میزۆپۆتامیا کەوتە ژێر رکێفی ئیمپراتۆری رۆماوە ساسانیەکان بەردەوام هەولیان دەدا دووبارە ئەو ناوچە ستراتیژی و هەستیارانە کە لە دەستیان دابوو بخەنە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە بەلام سەرکەوتوو نەبوون تا کاتێك کە شاپوری دووەم بە دەسەلات گەیشت. شاپوری دووەم(٣٠٩-٣٧٩ز) کە لە نامەیێکدا بۆ قوستەنتینی دووەم (٣٣٧-٣٤٠ز) ئیمپراتۆری بیزەنت نووسی خوازیاری گەراندنەوەی ئەیالاتی ئەرمینیا و باکوری میزۆپۆتامیا بوو کە پێشتر داگیرکراوی باوباپیرانی بووە؛ وردەکاری ئەم نامەیە لە کتێبی ئامیانوس مارسلینوس کە خۆی یەکێك لە فەرماندەکانی سوپای رۆما دژ بە شاپوری دووەم بووە باس کراوە بەلام قوستەنتین ئەم نامەیە پشت گوێ خست. ( ;Ammianus, BookXVII, 5.3-14) 333-339 بەم پێیە شاپوری دووەم پاش چارەسەر کردنی کێشە ناوخۆیەکان هێرشی کردە سەر ئیمپراتۆری بیزەنتی.

یەکێك لە شارەکانی جەزیرە کە شاپوری دووەم (٣٠٩-٣٧٩ز)لە بیزەنتی داگیری کرد شاری ئامەدی(دیاربەکری ئێستا) بوو.سەرچاوەکان بە قایم کردن و دروست کردنی

بورج و باروی شاری ئامەد ئاماژە دەکەن. بۆ نمونە تێوفانس و ئامیانوس مارسلینوس دەلێن کە قوستەنتینی دووەم شاری ئامەدی نۆژەن کردەوە و بورج وقەلا وشورایەکی زۆری بۆ ئەم شارە دروست کرد.( The Chronicle of Theophanes, 1997:59 ;Ammianus, XVIII,9.1;463-465) وادیارە کە لەو سەردەمە ئالۆزەی نێوان ساسانیەکان و بیزەنتیەکان قوستەنتینی دووەم ئەم شوێنەیە بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەل ساسانیەکان هەلبژارد. چونکە سەرەرای هەلکەوتەی سروشتی بۆ بەرگری کردن لە هێزی دوژمن و دروست کردنی قەلا و شوراکان قوستەنتین دەیتوانی ئێرانیەکان لە باشورەوە تەهدید بکات.

شاپوری دووەم ئەگەرچی توانی شاری ئامەدی گەمارۆ بدات بەلام سەرەتا نەیتوانی داگیری بکات. ئەم شارە کە لە لای راستی روباری دیجلە هەلکەوتبوو و لە روی سروشتیوە شارێکی شاخاوی بوو و داگیر کردنی بە ئاسانی نە بوو. شاپوور سەرەتا لە خۆرهەلاتی ئێران لەگەل قەومی هون کە لقێك لە ئەسکیتەکان بوون و سنورەکانی خۆرهەلاتیان لە مەترسیەوە خستبوو رێککەوتنیان کرد. هونەکان لە ژێر رابەری پاشاکەیان بە ناوی گرومبات شاپوریان لە جەنگ دژ بە رۆما یارمەتی دا (مارکوارت، ۱۳۷۳: ۱۰۸) لە کاتی داگیر کردنی ئەم شارە کوری پاشای هوندەکوژرێت. بۆیە ئەم جار ساسانیەکان بە یارمەتی هونەکان بۆ داگیر کردنی ئامەد هەموو هێزو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ و شاری ئامێد داگیر دەکەن. دوو سال پاش مردنی قوستەنتین جولیانوس ئیمپراتۆری بیزەنت بۆ گەراندنەوەی ئامێد لەگەل ئێران بە شەر دێت. بەلام لە ماوەی ئەو جەنگانەدا جولیانوس (۳۶۱-۳٦۳ز)لە سالی ۳٦۳ز دەکوژرێت و جێنشینەکەی واتە یوویانوس ئاشتەوایێکی سی سالە لەگەل شاپوری دووەمدا واژۆ دەکات کە بە پێی ئەم پەیمانە ساسانیەکان لە بەرامبەر گەرانەوەی ئامەد بۆ بیزەنتیەکان توانیان شارەکانی نسیبین، شەنگار و ئەرمینیا بگەرێنەوە بۆ قەلەمرەوی خۆیان.(ابن مسکویە، ۱۳٦۹: ۱۳۹؛ کریستنسن، ۱۳٦۸: ۳۳۲؛ دیاکونوف، ۱۳۸۰: ۲۹۸) هەروەها پاش ئەوە کە شاری نەسیبین بە بێ جەنگ رادەستی ساسانیەکان کرا بە دانیشتوەکانی کە زۆرتر مەسیحی بوون رێگە درا کە شارەکە بە مەبەستی رۆشتن بۆ ئامێد کە لەو کاتەدا شوێنی پەنابەرەکانی بیزەنتی بوو چۆل بکەن و لە شاری ئامێد نیشتەجێ بن. (Lieu,2006:)

گەمارۆی درێژخایەنی شاری ئامەد بەرهۆی ئەو هۆکارانە بوو کە لە لایەن بیزەنتیەکان و شەخسی قوستەنتینەوەبە مەبەستی بەرگری کردنکۆمەلێك قەلا و شورای لە دەوروبەری شارەکە بەدی هێنابوو.ئەم شارە سنوریە کە هەلکەوتەیێکی باشی جیوپۆلیتیکی بوو رۆلێکی گرنگی لە پەیوەندی و سیاسەتە دەرەکیەکانی ئێران و بیزەنت بەدی هێنابوو. گرنگی ئەم شارە لەوە دەردەکەوێت کە سەرەرای هەبوونی هەفت


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەشكری بیزەنتی بۆ پاراستنی ئەم شارە لە راستیدا یەكێك لەپێگە سنوریەكانی خۆرهەلاتی بیزەنتیش لە هەژمار دەدرا.بە چەشنێك كە بیزەنتیەكان لەم شارەدا دەیانتوانی سنورەكانی خۆرئاوای ئێران تەهدید بكە ن. لە راستیدا هەر كات رۆما و دواتر بیزەنتیەكان یەكێك لە شارە كانی جەزیرەیان داگیر دەكرد سنورەكانی خۆیانیان پێش دەبرد و لەو شوێنە داگیركراوە دایان دەنا. هەروەها كە لە داگیر كردنی نەسیبین رۆماكان ئەم كارەیان كرد. سەرباری ئەوەش لە كاتی شكستی بیزەنتیەكان لە میزۆپۆتامیا ئەم شارە سنوریانە شوێنێكی هێمن و ئاسودە بوو بۆ هێزی شكست خواردوو لە كاتی پاشگەز بوونەوەیان. لە بەرامبەردا ساسانیەكانیش لە بەهێز بوونی ئەم شارە سنوریانە دەترسان و بە هێز بوونیان تەهدیدێك بۆ قەلەمرەوی خۆیان لە هەژمار دەدا بۆیە كە پاشاكانی ساسانی هەر كات پێویست بوو هێرشیان دەكردە سەر ئەم شارە سنوریانە لە باكوری میزۆپۆتامیا.

## سێیەم: تایبەتمەندی ئایینی شارەكانی جەزیرە

حكومەتی ساسانی تا كاتێك كە ئیمپراتۆری رۆما مەزهەبی مەسیحی پەیرەو نەكردبوو ئەوەندە ترس و نیگەرانیەكیان لە پەرە سەندن و نفوزی ئایینی مەسیحیان نەبوو. چونكە ئەوان خۆیان دوژمنی مەسیحیەت بوون. بەلام كاتێكە قوستەنتینی یەكەم(٣٠٦-٣٣٧ز) هاوكات لەگەل حكومەتی شاپوری دووەم بە پێ فەرمانی میلان لە سالی ٣١٣ز ئایینی مەسیحی كرد بە ئایینی فەرمی و لە سالی ٣٢٥ لە ئەنجومەنی نیقیەدا خویشی بوو بە مەسیحی و پەیوەندیەكانی لەگەل كلێسای مەسیحی پتەوتر كرد (دیاكونوف،١٣٨٠: ٢٩٦) و پایتەختەكەی لە رۆما بۆ قوستەنتین گواستەوە زەمینەی پێكدادانی نێوان دوو وەلات پێش بینی دەكرا. تەنانەت پێش رۆما مەسیحیەت لە سەرەتای سەدەی چوارەم لە ئەرمینیا لە سەردەمی تیردادی سێیەم بە فەرمی ناسرا. ( دریایی،١٣٨٧: ٣١-٣٢) چونكە لە لایكەوە پاشاكانی ساسانی كە زەردەشتی بوون و بانگەشەی ئایینی زەردەشتیان دەكرد بە فەرمی كردنی ئایینی مەسیح لە لایەن قوستەنتینەوە لە مەسیحیەكان هەلگەرانەوە و رەفتاریان سەبارەت بەوان توندتر و سەختتر بوو و لە لایەكی ترەوە مەسیحیەكانی ئێران دژ بە ساسانیەكان چالاكیان دەكرد. شاپوری دووەم لە هاوپەیمانی مەسیحیەكان بە تایبەتی مەسیحیەكانی نیشتەجێ ناوچەكانی خۆرئاوا لەگەل بیزەنت دلنیا بوو شاپوری دووەم كە لە بەهێز بوونی مەسیحیەكان لە ناوخۆ و دەرەوە ترسابوو بە جاسلیقی مەسیحی ئەمری كرد كە لە مەسیحیەكانی دەولەتی ساسانی دوو هێندە باج وەرگرن بەلام سیمون بارسەبا(Simon Barsabba) جاسلیقی مەسیحیەكانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

ئێران لە فەرمانی پاشا سەرپێچی کرد تا ئاستێك کە شاپور بریاری دا دەستگیری بکەن و هەموو کلێساکانی ئێران بسوتێنن. ( Labourt,1904: 45-46;نفیسی، ۱۳۳۱: ۳۷۰) مەسیحیەکان لەم سەردەمەدا ئازار و ئەزیەتی زۆریان پێگەیشت. جەنگەکانی ساسانی و بیزەنتی لە سەردەمی شاپوری دووەم نزیك بە بیست سال خایاندی و مەسیحیەکانی ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران لە دۆخێکی نالەباردا ژیان. جەنگی ئێران و بیزەنتی لە سەردەمی شاپوری دووەمدا سەرکەوتنی ساسانیەکانی لێ کەوتەوە و بەم جۆرە بەندەکانی رێکەوتننامەی نەسیبین هەلوەشایەوە و ناوەندەکانی گرنگی مەسیحیەتی خۆرهەلات کە بە پێی ئەم پەیمانە بە رۆما رادەست کرابوو بۆ ئێران گەرایەوە. پاش شاپوری دووەم ئازار و ئەشکەنجەی مەسیحیەکان کەم کراوە و پاشاکان سەبارەت بە کەمینە ئایینیەکان لێبوردە بوون، بە تایبەتی لە سەردەمی یەزدگردی یەکەم (۳۹۹-۴۲۰ز)  کە فەرمانی ئازادی مەسیحی لە ئێرانی دەرکرد. و لە سالی ۴۱۰ز ئەنجومەنێك لە ئۆسقۆفەکانی شاری سلوکیە پێك هات کە پاشایش تیایدابەشداربوو( نۆلدکە، ۱۳۷۸: ٤٤٢؛ دیاکونوف، ۱۳۸۰: ۳۰۳؛ دریایی، ۱۳۸۷: ۳۷) بە پێی ئەم ئەنجومەنە چل ناوچەی ئۆسقۆف نشین لە ئێران پێك هات کە دواتر رێژەیان بە شەست و شەش زیاد کرا.( میلر، ۱۳۸۲: ۲۸٤) بە پێی بریارەکانی ئەم ئەنجومەنە ئۆسقۆفی ئەم ناوچە دەبوو بە جاسلیق( خەلیفە) ی هەموو مەسیحیەکانی ئێران و پێنج مەتران کە پلەی لە جاسلیق کەمتر بوو لە شارەکانی نەسیبین، ئەربیل، کەرکوك، جوندی شاپورو میسان دانران.(ولوی و برومند، ۱۳۸۸: ۱۳۱-۱۵۲) لە سەردەمی بە هرامی پێنجەم( ۴۲۱-۴۳۹ز) کلێسای ئێران سەربەخۆیی خۆی لە کلێسای بیزەنت راگەیاند بەلام لە سەردەمی یەزدگردی دووەمدا(۴۳۹-٤٥٧ز) سەرلە نوێ ئازار وئەشکەنجەی مەسیحیەکان دەست پێ دەکاتەوە. چونکە یەزدگرد بە نیاز بوو ئەرمینیا بکاتە زەردەشتی و دەستبەرداری ئایینی مەسیح بن.( Ghirshman,1978: 299-300)لەم سەردەمە دا کۆمەلە لە مەسیحیەکان بەرەو ناوچەکانی بیزەنتی چوون و لە قۆتابخانەی ئایینی ئورفا(رۆها)درێژە بە خوێندنیان دا. تا ئەو کات قۆتابخانەی ئایینی شاری ئەدێسا پەیوەندی دەری نێوان کلێساکانی ئێران و بیزەنتی بوو. ئەم قوتابخانە لە قەلەمرەوی ئیمپراتۆری بیزەنتیدا بوو و زۆربەی لە ئوسقۆفەکانی ئێرانی سەردەمی ساسانی لەم ناوەندە دا فێری خوێندن بوون و لە ژێر کاریگەری فێرکاریەکانی نەستوریوس مامۆستای ئەم قۆتابخانە بوون. نەستوریوس بە بروا بوو عیسا مەسیح خاوەن دوو سروشتی مرۆڤی و خواییە. لە سالی ٤٥٧ز کلێسای بیزەنت لەگەل بیروباوەرەکانی نەستوریەکان نەیار بوو بەم پێیە زوربەی لە مەسیحیەکانی روها بەرەو ئێران هاتن و ئۆسقۆفەکانی ئێران بە لایەنگری پاشای ساسانی واتە فەیروز(٤٥٩-٤٨٤ز) سەربەخۆیی خۆیان لە کلێسای خۆرئاوا راگەیاند و مەزهەبی نەستوری[٦] لە ئێران بە فەرمی ناسرا. (اسموسن،۱۳۸۱: ۳۸۹-۳۹۰؛ ) پاش ئەوی کە زینون(Zenon)ئیمپراتۆری بیزەنت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

قۆتابخانەی روهای لە سالی ٤٨٩ز داخست. ناوەندی فێرکاری مەزهەبی نەستوری بۆ نەسیبین لە قەلەمرەوی ساسانی گوازرایەوە.( پیگولوسکایا، ١٣٧٧: ٤٨٨-٤٨٩) بەم جۆرە لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم ئێران بوو بە یەکێك لە گرنگترین ناوەندی بانگەشە و پەرە سەندنی مەزهەبی نەستوری و کەمتر لە لایەن پاشاکانی دیکەی ساسانی ئازار دەدران.

## ئەنجام:

ساسانیەکان لە هەمان سەرەتای بە دەسەلات گەیشتنیان لە لایەن ئەردەشێری بابەکانەوە لە سالی ٢٢٤ز سیاسەتی دەرەکی چالاك خوازانەیان لە بەرنامەی خۆیاندا پەیرەو کرد. لە گرنگترین ئامانجەکانیانیش گەیشتن بە سەرزەمینەکانی باکوری میزۆپۆتامیا بوو.ساسانیەکان بۆ گەراندنەوەی بەهێزی و شکۆی سەردەمی هەخامنشیان و هەروەها نواندنی دەسەلاتی خۆیان بە پێویستیان دەزانی کە جەزیرە ئەو ناوچە ستراتیژیە بهێننە ژێر کۆنترۆلی خۆیان و بۆ ئەم کارە دەبا لەگەل دەولەتی بەهێزی ئەو کات واتە ئیمپراتۆریەتی رۆما و دواجار بیزەنت جەنگی بکردایە چونکە شارەکانی جەزیرە سنوری هاوبەشی ئەوان لە قەلەم دەدران و لە روی سەربازی و بازرگانیەوە لە ناوچە هەرە گرنگەکانی نێوان دوو ولات بوو. بەم پێیە هەر یەك لەو دوو دەولەتە بە کۆنترۆل کردنی ئەم ناوچانە دەیتوانی بەهێز بوونی خۆی بە سەر ئەوەکەی دیکە بسەلمێنێت. بۆیە بە درێژایی دەسەلاتی ساسانیەکان ئەم ناوچە ستراتیژیە ناوەندی قەیران بوو و ئەم شار و ناوچانە بەردەوام لە لایەن ئەم دوو دەسەلاتە ئال و گۆر دەکرا بە چەشنێك کە لە ماوەی ئەم جەنگە درێژ خایەنەدا هیچ یەك نەیتوانی ئەم ناوچانە بە تەواوی بخاتە ژێر نفوزی خۆیەوە. و لە ئەنجامدا ئەم جەنگانە لاوازی و شکستی ئەوانی لە بەرامبەر عەرەبەکان لێ کەوتەوە. لە روی ئایینیشەوە ئەم ناوچانە جێی گفت وگۆی ساسانیەکان و ئیمۆراتۆری بیزەنت بوو. تا کاتێك کە رۆما ئایینی مەسیحی قەبوول نەکردبوو مەسیحیەکانی ئێران لە هێمنی و ئاسودەیی دەژیان بەلام پاش فەرمی بوونی ئایینی مەسیح لە لایەن قوستەنتینەوە ساسانیەکان مەسیحیەکانی سنوری ئێرانیان نە تەنها بە دوژمنی ئایینی بەلکۆ سیاسیان دەزانی. بۆیە هەموو توانای سیاسی و سەربازی خۆیان خستە گەڕ تا مەسیحیەکان بکەن بە زەردەشتی و یا ئازار ئەشکەنجەیان بەن و بە دوویان کەون. کە لە ئاکامدا ئەم فشار خستنە سەرە و کێشەی ناوخۆیی مەسیحیەکان لە رووی بیروباوەرە وای کرد کە مەسیحیەکانی ئێران لە کلێسای بیزەنت جیا بنەوە و سەربەخۆیی خۆیان رابگەیینن و نەسیبین لە شارەکانی جەزیرە ببێتە ناوەندی فێرکاریەکانی ئایینی نەستووری مەسیحیلە ژێر کۆنترۆلی ئێرانی ساسانیدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## لیستی سەرچاوەکان:

### آ. به زمانی فارسی


١. ابن مسكويه، احمد بن على، (١٣٦٩)، تجارب الامم، ترجمه، ابوالقاسم امامى و على نقى منزوى، جلد، ١ تهران، نشر سروش،

٢. آسموسن،ج.پ.(١٣٨٠) ((مسيحيان در ايران))، تاريخ ايران از سلوكيان تا فروپاشى دولت ساسانيان، جلد سوم، قسمت دوم، گردآورنده احسان يارشاطر،ترجمه، حسن انوشه، تهران، اميركبير،ص ٣٦٥-٣٩٥.

٣. اصطخرى، ابو اسحاق ابراهيم، (١٣٤٠)مسالك و ممالك، به كوشش ايرج افشار،تهران، بنگاه ترجمه و نشر كتاب.

٤. بروسيوس، ماريا، (١٣٨٨) ايران باستان، ترجمه،عيسى عبدى، تهران، نشر ماهى.

٥. پيگولوسكايا و ديگران، (١٣٥٣)تاريخ ايران از دوران باستان تا سده هجدهم،ترجمه، كريم كشاورز، تهران، انتشارات پيام.

٦. ثعالبى،نيشابورى، عبدالملك بن محمد(١٣٦٨) تاريخ ثعالبى،ترجمه، محمد فضائلى، تهران، نشر نقره.

٧. دريايى، تورج،(١٣٨٣)شاهنشاهى ساسانى، ترجمه، مرتضى ثاقب فر، تهران، ققنوس.

٨. دينورى، ابوحنيفه، (١٣٨٣) اخبارالطوال، ترجمه، محمود مهدوى دامغانى، تهران، نشر نى.

٩. رجبى، پرويز، ( ١٣٨٧) هزارههاى گمشده، جلد پنجم، تهران، انتشارات توس.

١٠. زرين كوب، عبدالحسين و روزبه، (١٣٩٤) تاريخ سياسى ساسانيان، تهران، انتسارات سمت.

١١. زرين كوب، عبدالحسين، ( ١٣٧٧) تاريخ مردم ايران(قبل از اسلام)، جلد اول، تهران، اميركبير.

١٢. شيپمان،كلاوس،( ١٣٨٤) مبانى تاريخ ساسانيان، ترجمه، كيكاوس جهاندارى، تهران، فرزان روز.

١٣. طبرى، محمد بن جرير، (١٣٧٥) تاريخ طبرى يا تاريخ الرسل و الملوك، جلد٢، ترجمه، ابوقاسم پاينده، تهران، اساطير.

١٤. كريستنسن، آرتور، (١٣٦٨) ايران در زمان ساسانيان، ترجمه، رشيد ياسمى، تهران، دنياى كتاب.

١٥. گرانتوسكى، ا.آو ديگران، (١٣٨٥)تاريخ ايران از زمان باستان تا امروز،ترجمه، كيخسروكشاورزى، تهران، مرواريد.

١٦. گيرشمن، رومن،( ١٣٧٩) تاريخ ايران از آغاز تا اسلام، ترجمه، محمود بهفروزى، تهران، جامى.

١٧. فراى، ريچارد نلسون، (١٣٨٦) تاريخ باستانى ايران، ترجمه، مسعود رجب نيا، تهران، انتشارات علمى و فرهنگى.

۱۸. -----------------،(۱۳۸۳)تاریخ سیاسی ساسانیان، تاریخ ایران از سلوکی تا فروپاشی ساسانی، جلد ۳، گردآورنده،احسان یارشاطر، ترجمه،حسن انوشه، تهران، امیرکبیر.

۱۹. لسترنج، گی ( ۱۳۷۷ ) جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمه، محمود عرفان، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

۲۰. لوکونین، ولادیمیر گریگورویچ، (۱۳۸٤) تمدن ایران ساسانی، ترجمه، عنایت الله رضا، تهران

۲۱. مارکوارت، یوزف، (۱۳۷۳) ایران شهر بر مبنای جغرافیای موسی خورنی، ترجمه، مریم میر احمدی، تهران، انتشارات اطلاعات.

۲۲. مسعودی، ابوالحسن علی بن حسین، (۱۳۷٤) مروج الذهب المعادن الجوهر، ترجمه، ابوالقاسم پاینده، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

۲۳. -----------------،( ۱۳٦٥ ) تنبیه و الاشراف، ترجمه، ابوالقاسم پاینده، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

۲٤. مقدسی، ابوعبدالله محمد بن محمد، (۱۳٦۹)احسن التقاسیم فی معرفه اقالیم، ترجمه، علی نقی منزوی، جلد ۱، تهران، شرکت مولفان و مترجمان ایران،

۲٥. مقدسی، مطهر بن طاهر،( ۱۳۷٤)افرینش و تاریخ، ترجمه، محمد رضا شفیعی کدکنی، جلد۲، تهران، انتشارات آگه.

۲٦. ملایری، محمد مهدی،(۱۳۷۹تاریخ فرهنگ ایران در دوران انتقال از عصر ساسانی به عصر اسلامی، جلد ۱،۲، تهران، انتشارات توس.

۲۷. میلر، و.م، (۱۳۸۲) تاریخ کلیسای قدیم در امپراتوری روم و ایران، ترجمه، علی نخستین و عباس آرین پور، تهران، اساطیر.

۲۸. نولدکه، تئودور،( ۱۳۷۸) تاریخ ایرانیان و عربها، ترجمه، عباس زریاب خوئی، تهران، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

۲۹. ولوی، علی محمد و صفورا برومند، (۱۳۸۸) ((دربار ساسانی و مسیحیان:مدارا یا تعصب))، مجله تاریخ ایران، دوره پنجم، شماره شصت و دوم، ص ۱۳۱-۱٥۲.

۳۰. ویسهوفر، یوزف، (۱۳۷۷) ایران باستان از ٥٥۰ پیش از اسلام تا ٦٥۰ پس از میلاد، ترجمه، مرتضی ثاقب فر، تهران، ققنوس.


## ب. لیستی سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


31. AmmianusMarcellinus,(1935), AmmianusMarcellinus With andEnglish translation by John C. Rolfe (The Loeb Classical Library), In three volumes, London, W.Heineman.

32. Dignas, B. Winter E.(2007),Rome and Persia in late Antiquity: Neighbours and Rivals, Cambridge and New York, Cambridge University perss.

33. Dio, Cassius (1927), Roman History, Books LXXX 1-4. London and New York: Lebo Classical Library.
34. Dodgeon, Michael H.;Lieu Samuel N. C.(2005),The Roman easternfrontier and the Persian wars(AD226-363), part 1, Routledge, London and New York.
35. GhirshmanR.(1978), Iran from the Earliest Times to the Islamic Conquest, Penguin Books Ltd, Harmondsworth, Middlesex, England, New York.
36. Herodian (1970), History of the Empair. Book 1,2,6. London and New York: Lebo Classical Library.
37. Labourt,J.Le.(1904),ChristianismedansLempireperse,souslaDynastieSassanide (224-632). Paris.
38. Lieu, Samuel(2006), "Nisibis"EncyclopaediaIranica,
39. Rawlinson, George,(1876), The Seventh great Oriental Monarchy, London: Long mans green and co.
40. Stanley, Bruce E. (2007), "Dyarbakir"in Cities of middle East and North Mesopotamia, a Historical encyclopedia, Michael R. T. Dumber and Bruce E. Stanley, editors: foreword by Janet L. Abu- Lughod, ABC-CLIO, pp. 127-132.
41. The Chronicle of Theophanes,(1997), The Chronicle of Theophanes Confessor: Byzantine and Near Eastern History, AD284-813, trans. Cyril Mango and Roger Scott, with Geoffrey Greatrex, Oxford, the Clarendon press.

## پەڕاوێز:

(١) حولوان ناوی کۆنی شاری سەرپێلی زەهاوی ئێستایە.

(٢) ئەشکانی زنجیرە دەسەلاتی پاشایی ئێران بوون کە لە خۆرهەلاتی ئێران سەریان هەلدا و چونکە دامەزرێنەرەکەیان ناوی ئەشك بوو بە ئەشکانی بە ناوبانگ بوون و ماوەی دەسەلاتەکەیان لە ٢٣٨پ.ز؟ تا ٢٢٤ز درێژەی بوو.( یوزف ودسهوفر، ایران باستان، ترجمە، مرتضی ثاقب فرتهران، انتشارات ققنوس، ١٣٧٧، ص ١٦٧-١٦٨؛ و بروانە یوزف ولسکی، شاهنشاهی اشکانی، ترجمە، مرتضی ثاقب فر، تهران، انتشارات ققنوس، ١٣٨٣.

(٣) کورشی دووەمیهەخامنشی لە سالی ٥٥٠ پێش ز پاش ئەوەی کە بە سەر مادەکان و دوا پاشای ماد واتە ئاستیاگ سەرکەوت توانی زنجیرەی دەسەلاتی هەخامنشی دامەزرێنێت.کە تا سالی ٣٣٠پێش ز کە لە لایەن ئەسکەندەری مەکدونی لە ناو چوو درێژەی هەبوو.

(٤) هوریەکان یەکێك لە قەومە هەرە کۆنەکانی باکوری میزۆپۆتامیان کە لە هەزارەی سێیەم دەرکەوتن. و لە چیاکانی زاگرۆس تا سوریە نیشتەجێ بوون و لە هەزارەی دووەمی پ.ز لە کەرکوکیش دا ژیاون ئەگەری هەیە بەشێك لە قەومی هێند و ئەوروپایی بووبن. (بروانە: ا.م دیاکونوف، تاریخ ماد ترجمە، کریم کشاورز، تهران، بنگاح ترجمە و نشر کتاب،١٣٤٥،ص ١٣١-١٣٢.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(٥) له هەزارەی دووەمی پ.ز حیسیەكان قەومێكی هێند و ئەورووپایی بوون كه پاش تێپەر بوونیان له بەلكان و بۆسفۆر هاتنه ناو ئاسیای بچوك و تەنانەت بابلیشیان له نیوەی ئەم هەزارەدا بەر ئامانجی هێرشی خۆیان دا. (بروانه: رومن گیرشمن، تاریخ ایران ازآغاز تا اسلام، ترجمه، محمود بهفروزی،تهران، جامی، ١٣٧٩، ص ٥٢.

(٦) دامەزرێنەری ئەم مەزهەبه نەستوریوس بتریقی بیزەنتی بوو(٣٨٤-٤٥٠ز) كه به بروا بوو عیسی مەسیح خاوەن دوو سروشتی خوایی و مرۆڤیه كه له بەرامبەر نەیاری مۆنۆفیزیستەكاندا بوون كه باوەریان به وە بوو كه عیسی مەسیح تەنها یەك سروشتی هەیه و ئەویش زاتێكی ئەزەلی و خوداییه. نەستوریوس له ئەنجۆمەنی ئێفێسوس له سالی ٤٣١ز به مۆلحێد له قەلەم درا. كلاوس شیپمان، منانی تاریخ ساسانیان، ترجمه، كیاكاووس جهانداری، تهران، نشر فرزان روز، ١٣٨٤،ص ٤٩.

# دور و موقع السياسي و الاستراتيجي للجزيرة في العلاقات بين الساسانيين والبيزانطيين


**الملخص:**

تقع منطقة الجزيرة في شمال وادي الرافدين((ميزوبوتاميا))، هذه المنطقة لها اهميتها الستراتيجية من ناحية الجغرافيا السياسية في جميع مراحل التاريخ، حتي في فترات قبل الاسلام، و في أواسط الحكم الاشكاني و فترات القرن الثاني قبل الميلاد، حتي أواخر الحكم الساساني (651م).

و كانت يعتبر هذه المنطقة كمعادلة بين الامبراطورية الرومانية و ايران الساساني، و كانت كل واحد من هذه الامبراطورياتفي حرب و منافسة دائمة من أجل الحصول و السيطرة علي هذه المنطقة الهامة هذا البحث و بمنهج وصفي و تحليلي يحدد دور و مكانة السياسية و التجارية و الدينية و يحلل العلاقات ما بين ايران الساسانية و البيزنطيين و في نفس الوقت، يريد يبرهن بأن أحتلال هذه المنطقة الحدودية من قبل أي من الامبراطوريين الساساني و البيزنطي يأتي بمثابة السيطرة على ميزوبوتاميا بأكملها. و يقويمكانتها الامبراطوري. لأن (أرمينيا) يعتبر النقطة الرئيسية لخط الحرير في شمال وادي الرافدين (ميزوبوتاميا)، و كانت أي من هذه الامبراطوريات اذا نجحوا في أحتلال أرمينيا يستطيعوا ان يسيطروا على منطقة الجزيرة أيضا، و كان لها أهمية و تأثير كبير من الناحية التجارية و الدينية في العلاقات بين السلطتين أو الامبراطوريتينن.



**الكلمات الدالة:** *الجزيرة، الساساني، ميزوبوتاميا، امد، نصيبين*

## The role and political and strategic position af the island in the relation between Sasanian and byzautions

**Abstract:**

The area of the Jazeera in the happen was the north of Mesopotamia due to the geographical location and strategy of antiquity, the pre-islamic powers have been constantly on hand by the mid-parthian period, the late2nd century BC to the late Sassanid period, this border region had become amajorproplem between the Roman empire and Sassanid iran. Somehow each of these powers the capture this important area and strategy they were at war. This article describes the role and political position of this region in the relations between Sassanid and Byzantine descriptive analytical methods. And wants to prove that occupy this border are area means to control Mesopotamia as such as powerful base for either of these powers succeeded in conquiering Armenia they could easily have influenced the Jazeera both in terms of commerce and religion their relation ship was impressive.

**Keywords:** *Jazeera, Sassanid, Mesopotamia, Amad, Nisebin*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی